عێراقچی: ڕوسیا و چینمان لەگەڵ پێشکەوتنی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا ئاگادارکردەوە

عەباس عێراقچی وەزیری دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند، تاران لەگەڵی پەیوەندیەکانیەوە مەسکە و پەکینی لە وردەکاری و بەرەوپێشچونی دانوستانەکان لەگەڵ واشنتن سەبارەت بە ناکۆکییەکانی پەیوەست بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران ئاگادارکردوەتەوە.

عەباس عێراقچی ڕایگەیاند، "ئێمە بەردەوامین لە ڕاوێژەکانمان لەگەڵ چین و ڕوسیا، ئەو دو وڵاتە وڵاتی دۆست و هاوبەشی ستراتیژی ئێمەن، دوێنێ لەگەڵ جێگرانی باڵیۆزی چین و ڕوسیا کۆبومەوە و کورتەیەکم لەبارەی وردەکاری و پێشکەوتنی دانوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی ئێران پێ ڕاگەیاندن و بەردەوام دەبین لە ڕاوێژکردن لەگەڵیان".

ئەم وتانەی تەنها چەند ڕۆژێك دوای ئەنجامدانی دانوستانی ناڕاستەوخۆی شاندەکانی ئەمریکا و ئێران دێن سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە مەسقەتی پایتەختی عومان و لەبارەی دانوستانەکانیشەوە، عەباس عێراقچی لە لندوانکدا ڕایگەیاند، گفتوگۆکان باش بون.